# سەرداری هەولێر
# " سوڵتان موزەففەرەددینی گۆگبوری "
# ژیان و خورەوشی

عەبدوڵڵا فایەق عالایی

---

هەولێر- کوردستان
چاپی یەکەم
٢٠١٤ زاینی ١٤٣٥ کۆچی ٢٧١٣ کوردی

لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی تەنفیزی
یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان
زنجیره ( ٣٣ )

پـڕ بـەدڵ سـوپاس‌و پێزانینـی خـۆم ئاراسـتەی مەكتـەبی تـەنفیزی یەكێتی زانایانی ئـاینی ئیـسلامی كوردسـتان دەكـەم بەتایبـەتی بـەڕێز مەلا عبدالله مەلا سەعید گرتكی سـەرۆكی یـەكێتی زانایـانی ئـاینی كـە ئەركی بەچاپ گەیانـدنی ئـەم نووسـینەیان خـستە ئەسـتۆ... هیـوادارم هەر پایەدارو تەمەن درێژ بن.

عەبدوڵلاّ فایەق عالاّیی

* ناونیشان : سەرداری هەولێر سوڵتان موزەففەرەدین، ژیان و خورەوشتی.
* بابەت : مێژوویی.
* نووسەر: عەبدوڵلاّ فایەق عالاّیی
* پیتچنین : نووسەر
* دیزاین‌و بەرگ : كۆمپیوتەری دەریا
* نۆرەی چاپ : یەكەم ٢٠١٤
* چاپخانەی رۆژهەلاّت- هەولێر

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێشەکی

ئـەم شـارە دێرینــە شـانازییەکی بـێ وێنــەی پـێ بەخـشراوە لەمێـژووە پرشنگدارو خەڵکە بەئەمەك و ڕۆشنفیکرەکەی. ئەوشـارەی کـە ئاهـەنگگێرانی بــەیادی لــەدایکبوونی خۆشەویــستی( d ) لــێ لــەدایکبوو، هــەموو ســاڵێك هەولێرییەکان بەوپەری پەرۆشیو دڵخۆشییەوە لەچاوەڕوانی مانگی مەولودی نەبەوییــە، گــەورەو بـچووك، ژنو پیـاو، هــەژارو دەوڵەمەنـد، دەسـەڵاتدارو کاسبکار... هتد.

پێکرا لەخزمـەت خۆشەویـستدا( d ) لـەم ڕۆژەدا شـاری هـەولێر دەکەنـە مەدینــەی دووەم، بـۆ هـەر کوچـەو کـۆڵانێکی ئـەم شـارە دەچـیت شـیرینیو خــواردن دەبەخــشرێت، دەنگــی دەفـو صــەڵاواتی مزگــەوت هــەم تەکیــەو خانەقاکان بە بازنەیی ئەو شارە سەدا دەدا، بابای هـەولێریی کاتێـك لـەڕۆژی لـەدایکبوونی خۆشەویـست( d ) ڕوودەکاتـە نـاو بـازار، بەتایبـەت سـەنتەری شــار، هەســتێکی بــۆ دروســت دەبێــت وەك ئــەوەی لــەو ڕۆژەدا بێــت کــە دانیـشتوانی مەدینــەی مونــەوەرە بــە دەفـو ستایـشی (طلــع البــدر علینــا) پێشوازییان لە خۆشەویست دەکرد، وەك چۆن لەگێژنـەکان خـەڵکی جلکـی تازەو پۆشتە دەپۆشن هەولێریەکانیش لەڕۆژی مەولود نەبەوی جلکـی تـازەو پۆشــتە دەپۆشــن، لــەم ڕۆژەدا هــەموویان بــە خۆشەویــستی خۆشەویــست مەســت دەبــنو شــەرابی عــشقی حــەزرەت دەنۆشــن، تــا ئێــوارە خــەریکی دەربــڕینی خۆشەویــستی دەبــن بــۆ خۆشەویــست( d ) کــە ئەمــەش

بەدەمەوەهاتنی فەرمانی خوای میهرەبانە (**قُل بفضل الله وبرحمته فبذلك فليفرحوا**..).

سروشتی خۆشەویستی هەولێرییەکان بۆ خۆشەویست( **d** ) زۆرێکی بۆ (سوڵتان موزەفەرەددین) دەگەڕێتەوە. قەدیمی گوتویانە: (خەڵکی لەسەر دینی فەرمانرەواکانییانن)، ئەو یەکەم کەس بوو لەجیهانی ئیسلامی هەستا بە سازدانی ئاهەنگ بەیادی لەدایکبوونی خۆشەویست، شوێنەوارو بەرەکەتی ئەم کەڵە پیاوە تائێستاش بەسەر شارەکەو دانیشتوانە رەسەنەکەی ماوە.

دڵنیام هەولێرییەکان[1] زۆر ئاشنان بەناوی (سوڵتان موزەففەر)، لێ دڵنیاشم شتێکی وەها لە ژیانو بەسەرهاتو خورەوشتی ئەم پیاوە نازدارە نازانن!

بۆیە پر بەدڵ حەزمکرد نەوەی نوێ بەو زاتە پایەدارە ئاشنابکەمەوە، بەکورتیو پوختی ئەم کەڵە پیاوە بناسێنم بەخوێنەرانی کورد زوبان، وەك وەفایەك بۆ ئەو پیاوە گەورەیە وە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوانەی

---

1- کاتێ دەڵێم هەولێرییەکان مەبەستم پێی سەرجەم دانیشتوانە دێرینەکانی هەولێرە بە هەموو عەشیرەتو تیرەو زوبانو شێوەزارێك.

بە مانایەکی تر: گشت ئەوانەی لەشاری هەولێری شیرین لەدایك بوونە یا باوانیشیان لەگوندو ناوچەکانی دەوروبە بوو بوون. با وانەزاندرێت مەبەستم جێیکی تایبەتی شاری هەولێرە، بەداخەوە ئەو شۆرەتی (هەولێری)یە خەریکە لەلای کەسانێ قورخ دەکرێتو تەنها بەسەر خۆیان تاپۆی دەکەن!

ئارەزوویان لە زانینیی مێژووی هەولێرو کەڵەپیاوان هەیە، وە ببێتە وەڵامێك بۆ ئەوکەسانەی قسەو قسەڕۆکی بێ سەرو بەر لەسەر موزەففەرەددین دەکەن. ئەوەبوو بە سێ بەش بابەتێکم لەسەر ئەم زاتە نووسیو لەگۆڤاری (زانایان)و هەندێ ماڵپەرو پەیجی سەرەکی شاری هەولێر لەتۆری کۆمەلآیەتی فەیسبووك بلآوکرایەوە، برادەرانو مامۆستایان پێیان باشبوو پێداچوونەوەیەکی بۆ بکەمو بیکەمە نامیلکەیەکی سەربەخۆ، تا گشت خوێنەرانی کورد زوبان لەو بابەتە ئاگەداربنو لێی سودمەندبن، منیش پێشنیارەکەم زۆر بەلاوە پەسەندبوو، پاش پاکنووسکردنی بەم شێوەیەی کە ئێستا لەبن دەستتانە ئامادەمکرد، لەگەڵمدابن بۆ ئەوەی لەدیدی مێژوونووسانو زانایان ئەم کەڵە پیاوە بناسن، وە شێوازی ئاهەنگگێرانی مەولودو ئەحوالی شاری هەولێر لەو سەردەمە لەچەندین رووەوە بزانین.

**براتان**

**عبدالله فائق عبدالرحمن عالآیی**

**١/ محرم /١٤٣٥ کۆچی**

**٢٢/گەلآرێزان/٢٧١٣کوردی**

**١٣/نوفمبر/ ٢٠١٣ زاینی**

**شاری هەولێر ( أربیل )ی خۆشەویست**

# " ناو و کاتو شوێنی لەدایکبوونی"

موزەفەرەددین گۆگبوری[١] کوڕی میر (زین الدین ابی الحسن علی کچك) کوری بتگتگین، لە بیستو حەفتی مانگی موحەڕەم، ساڵی ٥٤٩ك ڕێکەوتی ١٣ی نیسانی ١١٥٤ز لەقەڵای موسڵ لەدایکبووە[٢]. باوکی دوای ماوەیەك ناردی بۆ شاری هەولێر تا لەژێر چاودێری (ئەتابەگ) (مجاهد الدين قايمان)دا، کە لە بری (زین الدین علی کچك) فەرمانرەوایی ئەو شارەی دەکرد، پەروەردە ببێت.

(زین الدین علی کچك) خۆیو خاوو خێزانو سامانو داراییەکەی لە هەولێر دانابوو[٣]. بەوەش (مجاهدالدين قايماز) بوو بە (ئەتابەگ) واتا بووە باوکێکی پەروەدەکاری موزەففەرەددین گۆگبریو براکانی[٤].

---

1- گوگبری: لەدوو وشەی تورکی پێك هاتوە (گۆگ) واتە شین، (بوری) واتە (گورگ) بەهەردووی مانای (شینە گورگ) دەبەخشێت (ابن خلكان، ٢٧٧/٣).

2- هەموو سەرچاوەکان وا دەڵێن، تەنها (الذهبي) دەڵێ: (لەقەڵاکەی هەولێر لەدایك بووە).

3- الكامل في التاريخ ٣٣١/١١.

4- وفيات الاعيان ٢٧١/٣.

# نازناوو شۆرەتەکانی

هەندێك لەمێژوونووسان ناوی (أبو سعید)یان لێ ناوە[1]. سوڵتان موزەففەرەددین نازناوو شۆرەتگەلێکی هەبووە، مێژوونووسان بۆ ڕێزلێنانو پێداهەڵدان چەندین نازناویان بۆ داناوە، هەندێکیشیان نازناوی گەورەییو پایەدارییەتیە پێی بەخشراوە، یاخود خۆی لەسەر (دراو)ی ئەمارەتەکەیو شوێنە مێژوویەکان دایناوە.

مێژوونووسی هاوسەردەمی خۆی (العماد الکاتب الاصفهاني) کە لەزۆرینەی شەرەکانی خاچییەکان بەشدار بووە، سوڵتان موزەففەرەددینی لەم شەرانە دیتوە بە {(الأسد الغضنفر) واتە: بەچکە شێر} ناوی بردووە[2]. هەروەها (ابن شداد)و (المنذري) نازناوی (الأمیر الأجل الکبیر)واتە (میری ڕێزدارو گەورە)یان لێ ناوە[3] هەرچی (ابن الأثیر)و (ابن خلکان)و کەسانی ترە، نازناوی (الملك المعظم) واتە (پادشای گەورە)یان لێ ناوە. ئەو

---

1- ابن الشعار، لەدەستنوسی (عقود الجمان)و (المنذري)و (ابن خلکان) ٢٧٧/٣ ئەم ناوەیان لێناوە.

2- الفتح القسطي/ ص١٨٩.

3- النوادر السلطانية ص١٨٩.

نازنـاوەی لەهـەموویان بڵاوتـر بـووە، لەسـەر ئـەو دراوانەشـی کـە لەهـەولێر دەردەچوون نووسرابوو (ملك الامراء مظفر الدنيا والدين گـۆگبری علـی) واتـە: (شای مـیران، ڕووسـوری دونیـا و قیامـەت گـۆگبری عـەلی)[1]. بـەڵام لەسـەر تاوێری سەر شەقڵەکەی کە بەرامبەر بەشاری مەککە نابوویـەوە نووسـیبووی (الامير الاصفهسلار الكبير حسام امير المؤمنين)[2]. وە لەسەر گۆمە ئاوەکـەی کـە لەسـاڵی (٥٩٤ك/١١٩٨ز) لەسـەر کێـوی عـەرەفات دروسـتی کردبـوو نووسرابوو (مظفرالدين كوكبري بن صاحب أربل سيف امير المؤمنين)[3].

1- وفيات الأعيان ،٣/٢٧٠

2- الاصفهسلار، واتە: سوپا سالار، الفاسي/ العقد الثمين ٧/١٠٠.

3- الفنون الإسلامية والوظائف علي الآثار العربية ،٢/٦٦٢.

# چمكێك لە ژیان و خورەوشتی سوڵتان موزەففەرەددین

سوڵتان موزەففەرەددین زاتێكی دیندارو خانەدانو بەرەوشت بووە، زۆر بایەخی بە پایەداریی ئەممارەت نەداوە، كەسێكی سادەو خاكیی (متواضع)بووە، بێ ئەندازە حەزی لەچاكەو خێرخوازی كردووە.

(ابن خلكان) دەڵێت: (لە خێرخوازیدا شتگەلێكی زۆر سەیری لێ دەگێرنەوە، كە نەبیستراوە كەسی تر وەك ئەوی كردبێت، لەژیانیدا هیچ شتێك بەلایەوە وەك چاكەخوازی خۆشەویست نەبووە، هەموو بەیانیەك نانی بۆ هەژاران ئامادە دەكردو لەچەندین گەرەكی هەولێر بەسەریانی دابەشدەكرد)[1].

مێژوونووسان دەڵێن: جلوبەرگی زستانەو هاوینەی بەسەر كەم دەرامەتەكاندا دابەش دەكردو سەرەرای ئەمە پارەشی پێ دەدان، هەركەسێكیش گەشتی بكردبا بە ئەندازەی پێداویستییو دووری رێگاكەی خەرجیو ئەركو تێچوونی دەكێشا[2].

1- وفيات الاعيان ٢٧٢/٢ ، شذرات الذهب ١٣٨/٥.

2- القزويني، اثار البلاد، ص٢٩٠.

(ابن كثير) دەڵێ: (یەكێك بوو لەجوامێرە سەروەرو گەورەكان، میرێك بوو لەمیرە خاوەن شكۆو پایەدارەكان)[1]. دەستی بەڕووی هیچ موحتاجێكەوە نەدەنا، كەسی نائومێد نەدەكرد، نەخاسمە فەقێو مەلاو فەرموودەخوانان[2]. ئەو خەسڵەتانەی ئەو هەیبوون بەدەگمەن لای كەسێكی تر (بەتایبەت پادشاكان– ع) بەدی دەكران[3].

كارێك لەو كارە خێرانەی كە دەیكرد ئەوەبوو، ساڵی دووجاران شاندی بە پارەی زۆرەوە دەنارد بۆ شام بۆ قەراغ دەریاكان، لۆ كڕینەوەو ئازادكردنی دیلە موسڵمانەكان لەدەستی خاچییەكان، هەندێكیشیان دوای ئازادبوونیان بۆ ژیان‌و گوزەران دەهاتنە شاری هەولێر، بەڵام بەرلەوە رەوانەی گوندی (بیت النار)[4] دەكران تا لەوێ جلكی شیاو لەبەربكەن‌و پێداویستی خۆیان وەربگرن، ئینجا بێنە ناو هەولێر[5]. ئەوانەشیان كە وڵاتی خۆیان بەباشتر دەزانی، خەرجی رێگاو پێداویستیان بۆ دابین دەكراو دەچوونەوە[6].

---

1– البداية والنهاية،١٣/١٣٦.

2– وفيات الاعيان ٣/٢٧٦.

3– العسجد المسبوك ص٢٣٠.

4– بيت النار: ياقوت الحموي لە (معجم البلدان) ١/٥٢٢ دا دەڵێ: (گوندێكی گەورەی هەولێرە بەلای موسڵدا).

5– مرآة الزمان، ج٨/ص٦٨٢.

6– وفيات الاعيان ٣/٢٧٣.

سەبارەت بەو گوندە، زانای ئەندەلوسی (الفتح بن موسى بن حماد بن علي الاموي) کە لەو سەردەم هاتۆتە هەولێر، شارەکە بە جەننەت دەچوێنێت، گوندی (بيت النار)ی وەکو پردی صیراطی بەر لەجەننت دەشوبێهێنتو دەڵێ:

یا أربـــــلُ ما أنتِ الاّ جنةٌ خُصَّت باكـــرمِ جيرةٍ وقرار

لو لَمْ تكوني جنة الدنيا لما كان الصراط اليك بيتَ النارِ[١]

زانای بەناوبانگ (سبط ابن الجوزي) لەسەردەمی سوڵتان ژیاوەو بەخۆشی سەری لە(هەولێر)داوە، دەڵێت: (پارەو سامانی ئەم ئەممارەتە هەمووی کرا بەخێرو سەدەقە، تا موزەففەرەددین گۆگبوری هیچی نەما، ناچار خشڵو "مجەوهەراتی " دەنارد بۆ دیمەشق تا لەوێ بیفرۆشنو پارەکەی بکەن بەسەرانەو دیلەکانی لە خاچییەکان پێ بکرنەوەو ئازادیان بکەن)[٢].

چونکە خاچییەکان بەبێ پارەو سەرانە دیلەکانیان ئازاد نەدەکرد، دوای سەرژمێریش دەرکەوت کە ٦٠٠٠٠ شەست هەزار دیلی ژنو پیاوی بەپارە ئازاد

1- ابن الشعار- قلائد الجمان ٥/٣٠٠.

2- اثار البلاد ص٢٩٠.

کردووە[١]. –ابن شهبە– دەڵێ: سوڵتان موزەففەرەددین ساڵانە لەبودجەی ئەمارەتەکەی بری دووسەد هەزار دیناری بۆ ئەم کارە دابین کردبوو[٢].

هەرچی خزمەتی حاجیانە ئەوا سوڵتان موزەففەر پشکی شێری بەردەکەوێت لەمێژوودا، بەپێی قسەکانی (ابن خلکان) هەموو ساڵێك (٥٠٠٠–٦٠٠٠) هەزار دیناری بۆ مەراسیمی حەج و حاجییان خەرج دەکرد[٣]. بەڵام (سبط ابن الجوزي) بری پارەکە بە (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار دەخەملێنێ[٤].

وەساڵێ (٣٠٠٠٠) سی هەزار دیناریشی لەحەرەمەیندا سەرف دەکرد[٥].

---

1– مراة الزمان ٦٨٢/٨، البداية والنهاية ١٣٧/١٣.

2– شذرات الذهب، ١٤٠/٥.

3– وفيات الاعيان ٢٧٣/٣.

4– مرآة الزمان، ابن الجوزي.

5– البداية والنهاية، ١٣٧/١٣.

# لێبوردەیی ئاییینی سوڵتان موزەففەرەددین

سوڵتان موزەففەرەددین بەچەشنی سوڵتان سەلاحەددین لەگەڵ ئەهلی کیتابی غەیەرە موحاریب زۆر نەرمو نیانو لێبوردەبوو، یەکێ لە ئاماژەو بەڵگەکانی تەساموحی سوڵتان پۆست دانە دەستی کەسایەتییەکی مەسیحییە –عیسى بن الفضل بن بشر بن عیسى بن مواهب، ناسراو بە ( ابن البحري النصراني ٥٨١–٦٢٢هـ/ ١١٨٥–١٢٢٥م)– کە لەشاری موصل رووی کردە هەولێرو سوڵتان چەندین پۆستی ئیداری پێبەخشیووە. ئەو کەسایەتییە مەسیحییە ئەدەب دۆستو شاعیریش بووە، ئەوەش نمونەی شیعرەکانییەتی:

ان غبت فلي روح بربعكم ... موقوفة بين اخلاص وأشواق

ان جفوتم فمالي عنكم عوض ... وان نسيتم فظني فيكم باقي

هەروەها:

على الهم انفقت شرح شبابي ... وفي النائبات رماني الزمان

وفي كل يوم حماي يباح ... ومالي يصاب ونفسي تهان

فيا رب قد طال وقع الاذى ... امالي نسيتم من صرف دهري أمان[1]

---

1- القلائد ٥/٥٨٠.

# خانەی بێوەژن و بێشووناسەکان

یەك لەکارە هەرە مرۆڤییەکانی سوڵتان، بنیاتنانی خانەبوو بۆ بێوەژن و بێکەس و هەڵگیراوەکان، هۆوارس howort دەڵێ:

(لعل گوگبري كان أول حاكم مسلم اقام مثل هذه المؤسسات)[1].

دەشێت سوڵتان گوگبری یەکەم فەرمانرەوای موسڵمان بێ کە ئەو جۆرە دامەزراوەییانەی بنیاتناوە.

---

Hiwirth.the Mongols_V.III.133 -1

# وەزارەت لە هەولێرو وەزیرەکانی سوڵتان موزەففەرەددین

وەزارەت لەســەردەمانی فــەرمانرەوایی ئیــسلامی دەتــوانیین بڵــێین دوو جۆربووینــە، یــەکییان موخــەوەلبووە لــە فــەرمانکردنو دەســەڵاتی تــەواوی هــەبووە، ئــەویترییان تــەنها وەزیــر و وەکیــل دەبێــت بــۆ فــەرمانی ئــەمیرو تەنفیزکردنی بریارەکانی.

جا ئەگەر تەماشای وەزارەت لەهەولێر بکەین، بەروانین لە ماوە کـورتیی‌و دەستیگرکردنی خودی وەزیرەکان! دەزانین لەجۆری دووەم بووە[1].

لەوەزیرە هەرە دیارو بەناوبانگـەکانی ئـەو سـەردەم، دەکرێـت ئامـاژە بـە (ابن المستوفى) بکەین. –مبارك بن احمد بن موهوب ابوالبركات بـن ابـى الفـتح المستوفى– کە (ابن الشعار) بەم شێوەیە ناویبردووە، وە بـە وەزیـرو هـاوەڵ، زاناو وێژەوانو دەرراغو شاعیرو دانەر وەسفیکردووە: الوزير الصاحب، الكـافي العالم، الاديب الحافظ، الكاتب النحوي الشاعر المصنف.

ئیبن شعار دەڵێ خۆشەویست بوو بە ساداتی عەلوی (ئەهل و بەیت)، ئـەو خـۆرو مـانگی هـەولێرە، دونیـا هاوشـێوەی وەکـو وەی نـەدیوە... چـەندەها ستایش وەسفیتر[2].

---

1– قلائد الجمان مصدرا لدراسة.. ص٢٠.

2– القلائد، ج٦، ٢٣٦–٤٨–٦١.

هەروەها وەها باسی دەکات کە: لە زاناترینی خەڵکی بووە بە هەردوو زانستی مەعانیو بەیان.... وە ئاگایی لە مێژوو و ژیاننامەی پێشینەکانو، هونەری مسافەو کاروباری دیوان- اعلم هذا الزمان بعلمي المعاني والبيان، والاطلاع على التواريخ وسير المتقدمين... وما يتعلق بفن المسافة والاشغال الديوانية(1).

ابن المستوفی سەرەرای پیشەی وەزیریو کاروباری ئیداری خەریکی نووسینو لێکۆڵینەوەو شیعر هۆنینەوەش بووە، ئەمانەش نمونەی چەند کتێبو نووسراو دانراوەکانییەتی:

١- نباهة البلد الكامل ومن ورد علية من الاماثل، کە ناسراوە بە (تاريخ أربل)، پێناسو تاریفی ناودارو کەسایەتییە هەولێرییەکانی تێدایە، وە باسی ئەوانەشیکردووە کە سەرییان لەهەولێر داوە لە چینی فەرمانرەواو شاعیرو زاهیدو سۆفیو زاناو نووسەرەکان(2).

٢- الامثال والاضداد في سرقات الشعراء: باس لەحاڵەتی شیعر دزین دەکات، یان ئەو شیعرانەی کاریگەرییان دیارە بەسەر شیعری شاعیرەکی تر.

٣- صناعة البديع.

٤- کتبێکی تری لەسەر کتێبی (الانيس والجليس)ی معافى بن زكريا الدريرى النهرواني.

---

1- القلائد، ج٦، ص٣٥-٦١.

2- خۆی ئەم کتێبە ٤ بەرگە، ٣ بەرگی تا ئێستا ونەو یەك بەرگی دیارە، کە (د.سامی خمیس الصقار) تەحقیقو دیراسەی کرد، لەساڵی ١٩٨٠ لەچاپخانەی (دار الشؤون الثقافية)ی بغداد چاپکرا.

٥- حاجة الكاتب والشاعر: باسی پێویستییەكانی شیعرو هەندێ لە زانستی (عروض وقافيية) دەكات.

٦- المتع المؤنس: باسی شاعیرە ناودارەكانی سەرەتای دەوڵەتیی عەباسی دەكات، لە (بشار بن برد) دەست پێدەكات تا (موفق الدين الاربلی).

٧- اثبات المحصل من نسبة أبيات المفصل: باسی خاوەنی ئەو بەیتە شیعرانە دەكات كە (الزمخشری ٥٣٩هـ/١١٤٤م) لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا (المفصل) ئیستشهادو بەڵگەی پێهێناوەتەوە.

مانـاو لايانە شاراوەكانی شیعرەكان روندەكەتەوە، پاشان بەدرێژی لەهەموو روویەكەوە لێیاندەكۆڵێتەوە، كتێبێكی بەنرخە.

٨- سر الصنع: بۆ وەزير (ولی الدين محمود بن محمد بن فارس الحرانی) داناوە، باسو خواسی سەخیو بەخشندەكانی تێدايە.

٩- موجبات الصبوه وعزائم السلوه: باسو خواسی عیشقو ئەهلەكەی دەكات.

١٠- شرح شعر أبي الطيب المتنبي: د.خلف رشيد النعمان هەستاوە بە تەحقیقگردنی، لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩-٢٠١١ چاپو بڵاوكراوەتەوە. دار الشؤون الثقافية العامةی بەغداد لە ١٠ بەرگ چاپیكردووە.

١١- شرح شعر ابي تمام.

١٢- كتاب الخيل.

١٣- جامع الأوراق.

١٤- قناعة الناظر وكفاية المحاضر.

١٥- مشارق الانوار ومطالع العذار.

وە چەند كتبێكی تر[1].

---

1- قلائد الجمان مصدراً لدراسة.. ص٢٢-٢٣-٢٤، كە لە القلائد ج٦ ص٤٠ وەريگرتووە.

# "پرۆژەكانی سوڵتان موزەففەرەددین لە حەرەمەینی شەریفەین"

سوڵتان موزەففەرەددین دەستی چاكەكاریو خێرخوازیەكەی گەیشتبووە خاكی حیجاز، لەشاری مەككەی پیرۆز پرۆژەیەكی گەیاندنی ئاوی بۆ چیای عەرەفە سازداو گۆماوەكانی چاك كردەوەو گەلێ بیری لێدا[(١)]. هەردوو بیری (الزيادية الكبرى) و(الزيادية الصغرى) بەفەرمانی ئەو هەڵكەندران، بیری سێیەمیشی لێ دا، كە پێی دەڵێن (الشمردقيه)[(٢)]. لەخوار مەككەشەوە لەساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز) بیرێكی ئاوەدان كردەوە، گوایە كاتی خۆی (ميمون بن الحضرمي)ی برای (العلاء الحضرمي) یەمەنی، لەسەر رێگایەك لێیدابوو، بەرێگای (سبيل الست) بەناوبانگ بوو[(٣)]. گەلێ بیری دیكەی لێ داوە، سەرەرای ئەوەی هەندێكی نۆژەنكردنەوە لەپاشان وشكبوون[(٤)].

كارێكی تری ئەوەبوو لەسەر (عەرەفە) سێ قوتگە (أعلام)ی دروستكرد مێژوونووس (الفاسی المكی) دەڵێت: دوانیانم دیتوە، بەلاّم سێیەمیان كە بە

---

1- مراة الزمان ٦٨٢/٨.

2- سفاء الغرام، ٣٤٥/١.

3- (الست) واتە (خانم) مەبەست خوشكی (الملك الناصر حسن) سەرداری میسرە، بروانە (العقود الثمين) لاپەرە ١٠١.

4- سفاء الغرام، ٣٤٥/١.

رووکـاری (المغمـس)ەکـە دانرابـووەوە ئـەوەیان رووخـاوەو کـەوتووە[1]. ئـەو مێژوونووسە لەو شوێنەدا گاشـە بـەردێکی دیتـووە لەسـەری نووسـراوە (مـیر سوپا سالاری گەورە موزەففـەرەددینی کـوڕی زیـن الـدین سـەرداری هـەولێر، حـسام أمـیر المـؤنین فەرمانیـدا ئـەم سـێ قوتکەیـە لـەنێوان کۆتـایی خـاکی عەرەفەو دۆڵی عەرەفەدا دروست بکرێت) بەروای دروستکردنیشی نووسـراوە: شەعبانی ساڵی ٦٠٥ك/١٢٠٨ز، هەروا دوو قوتکەی تریشی چـاك کردووەتـەوە کـە پێـشتر لەسـاڵی ٦١٦ك/١٢١٩ز وەك شـەقڵی سـنووری دیـوی مەککـەی حەرەم دروست کرابوون[2].

نووسەری گەورە (محمد کورد علی) لەنووسـراوەکانیدا جێگـەو پێگەیـەکی تایبــەتی بــە موزەففــەرەددین گــۆگبری بەخــشیوەو بەیەکــەم خێرخــوازو چـاکەکاری دادەنـێو دەڵێـت: (موزەففـەرەددین گـۆگبری سـەرداری هـەولێر یەکێکە لەمەلیکە خێرخوازو کارسازەکان، ئیـشی چـاك و کـاری خێـری زۆری داهێنــاوەو، ئــەو دەزگــاو کارگانــەی ئــەو ســازی دەدان، لەگــەلێ رووەوە، لەکارخانەکانی رۆژئاوای ئەو سەردەمە دەچن)[3].

---

1- (المغمس) جێگایەکە لەلایەکی حەرەمەوە، مەیدانی ئەو فیلەبووە کە کـاتی خـۆی (أبرهـە) هێنابووی، بۆ رووخاندنی کەعبە، اخبار مکە ج١/ص١٤٣.

2- العقد الثمین، ٧/١٠٠.

3- محمد علي، الإسلام والحضارة، ج١/ ص٣٢٧.

# خاكگەرایی ( تواضع )ی سوڵتان موزەففەرەددین

گرنگترین رەوشتو خەسڵەت كە پێویستە لەكەسی فەرمانرەواو زانا (الامراء والعلماء) هەبێت، خاكگەراییو بێ فیزییو تەكەبوورە، چەندین زانای فرەزانا (العلامة) وە فەرمانرەوای دەسەڵات فراوان بەهۆی لوتبەرزییەوە تێكەوتونو لەناوچون، بۆ نمونە ئیبلیس لەزانا هەرەگەورەكانە بەڵام بەهۆی لوتبەرزییەوە كەوتە بەر نەفرەتی خوای پەروەدگار، هەروا قارون لە دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارە بێ وێنەكان بوو ئەویش بەهۆی لوتبەرزییەكەیەوە كەوتە ژێر نەفرەتی خوا.

هەر فەرمانرەواو لێپسراوێك خاكیو بێ فیز بێتو تێكەڵ بەكۆمەڵگا بێت ئەوا خۆشەویست دەبێت لای خەڵكەكەی، جا سوڵتان موزەففەرەددین بێ ئەندازە بێ فیزو كەسێكی خاكیی بووە، زۆر تێكەڵاوی هەژاران بووە، هیچ بایەخی بە جلوبەرگی خۆی نەداوە، مێژوونووسانیش هۆكاری ئەم رەوشتە جوانانەی بۆ پەروەردە دینیەكەی بنەماڵەكەیان دەگەرێننەوە، هەم بەهۆی تێكەڵاوی لەگەڵ زاهیدو صۆفیەكان.

دەگێرنەوە دەڵێن: موزەففەرەددین هەندە خاکی بووە، هەر جلوبەرگێ بۆ میرو فەرمانرەوایان گونجاوبێت ئەو نەیپۆشیوە، کامە جل زبر بووە ئـەوییانی پۆشیوە، رۆژێکیان (ربیعە خاتون)ی هاوسەری داوای لێ دەکات جلێکی نەرم لەبەربکاتو ئەوەندە ئـازاری خـۆی نـەدات، لـەوەڵامی ئـەم داوایەیـدا دەڵـێ: کامیان چاکترەو جەزای زیاترە، بەرگێکی بایی دە پەنجایی لەبـەر بکـەم یـان جلێك بایی پێنج پەنجایی لەبەر بکەمو پێنج پەنجەیەکەی تر بـدەم بەهـەژارو داماوێك[1].

1- مرآة الزمان، ج٢ ص٦٨٢.

# "سوڵتان موزەففەرەددین و تصوف و عیرفان"

ئـەو مـیرە لـەخواترس و کـەم وێنەیـە، ژیـان و گـوزەرانی وەك دێوانـەو دەروێشان بووە، بەردەوام هامۆشۆی ئەهلی دڵ و عیرفـانی دەکـرد، تەنانـەت مێژوونووسان باس لەوەدەکەن کە سوڵتان موزەففەرەددین بەخۆی بەشداری کۆڕو بازنەی زکرەکانیانی دەکرد[1]. زۆر بروادار بوو بە تـصوف و سـۆفیگەری (بێگومان سۆفیگەری راستەقینە نەك شوێندراو!). یەکێك لەو شـێخانەی کـە زۆر رێزی لـێ دەنـا (الـشیخ ابـو حامـد الکرمـانی) بـوو، کـە بـە (أوحدالـدین) نـاوداربوو، ئـەم شـێخە سـەری لەهـەولێرداو کۆمـەڵێ دەروێـشی عەجـەمی لەگەڵدابوون، هەموویان بوونە میـوانی سـوڵتان، پاشـان هـەموویانی نـارد بـۆ حەج[2]. ئەم زاتە وەرع و زوهدی بەسەردا زاڵ بووە، هەندە لـەخواترس بـووە نەیهێشتووە شتی خراپ بهێندرێتە ناو ئەمارەتەکەی[3].

(الغسانی) دەڵێت: رێگای بەکەس نەداوە مەی (الخمر) بـۆ نـاو وڵاتەکـەی بهێنێ، وە ئارەقخۆری دارکاریی و تەمبێ دەکرد[4].

ئەم زاتە لەکانیاوی بێ خەوشی تـصوفی "راسـتەقینە" نۆشـیبوو بۆیـە تـا وەفاتی فەرموو خۆشەویستی بۆیان هەبوو و پـشتگیریی مـاددی و مەعنـەوی دەکردن، ئەوانیش بەردەوام نزای خەیرییان بۆ دەکرد.

---

1- وفیات الاعیان ٢٧٣/٣.
2- عقود الزمان، ج٧.
3- وفیات الاعیان ٢٧٣/٣.
4- العسجد المسبوك، ص٢٣٠.

# سوڵتان موزەففەرەددینی موجاهیدو جوامێر

(ابن خلكان) باس لە جوامێریو پێگەی سولتان موزەففەرەددین دەكات لەشەرە گەورەكە (حطين) دەڵێت: (موزەففەرەددین كوكبری لەجێگای ترسناكی وا خۆی راگرت كەسی تر لەوێدا خۆی رانەدەگرت، ناوبانگیشی هێندە بڵاوە درێژەپێدانی ناوێت، ئەگەر هیچی تری نەكردبێت ئەو قارەمانییەتەی (حطين)ی بەسە، لەم شەرەدا لەشكری موسڵمانان شكا، بەلآم كە دیتیان وا (تقی الدین عمر)ی برازای سەلآحەددینی ئەیوبیو (موزەففەرەددین گۆگبری) هەردووكیان پێشیان لە خاچییەكان گرتووەو كۆڵیان نەداوەو جوامێرانە شەردەكەن، ئەوانیش هەموویان گەرانەوە بۆ نێو گۆرەپانی شەرەكەو خاچییەكان تێكشكاند[1].

(القزوينى)یش دەڵێت: (موزەففەرەددین گوگبری میرێكی ئازاو جوامێرو بەهیممەت بوو، گەلێ دكری بەفەڕەنگ كردووە، خەڵك دەیگێرنەوەو باسیان

1- وفيات الاعيان، ٣/٢٧١.

دەکەن[1]. —المنذري—یش دەڵێت: (موزەففەرەددین گۆگبوری لەکوشتاری دوژمنی سەر کەناراوەکانی (الشافعی)یدا هەڵوێستی ئازایانەی بەرچاوبوو[2].

(ابن الفوطي)یش باسی ئازایەتیی کردووەو دەڵێت: پیاوێکی ئازاو بەهەڵمەت بوو. فەرمانی دەڕۆیشتو لەگرتنی ولآتاندا خێری لێ دەکەوتەوە[3].

بەڵێ خوێنەرانی سەنگین، ئەم سوڵتانە پایەدارە دیندارە، زۆر قارەمانو جوامێر بووە لەشەڕەکاندا، موجاهیدو غازیەکی پاڵەوان بووە، میرێك نەبووە خۆی لەسەر جێگای نەرمو گەرم پاڵبداتەوەو دارودەستەکەشی رەوانەی شەر بکات، بەڵکو خۆی لەگەڵیان لەشەرەکان بەشداربووە، وە زولمو دەستدرێژی لەکەس قبوڵ نەکردووە چ لەهەولێر بێت چ لەدەرەوەی ئەمارەتەکەی، ئەو کە زاوای صلاح الدین ئەیووبی بوو، لەگشت شەڕو غەزاکان لەگەڵیدابووەو سوارچاکی سەرەکی سوپاکەی بووە.

---

1- القزويني، آثار البلاد، ص٢٩٠.

2- المنذري، التكملة ١٤٤/٧.

3- تلخيص مجمع الادب ج٥/ ص٥٨٠.

# خوێندەواریو بایەخدانی بە زانستو رۆشنبیری

سوڵتان موزەففەرەددین زۆر بایەخی بە خوێندەواریو زانستو زانیاری داوە. رێزدارترین چین بەلایەوە زاناو نووسەرو ئەدیبەکان بووە، بەخۆشی زۆر حەزی بە زانست دەکرد، بەردەوام خەریکبووە بەفێربوونی، پەرتووکی (المسند في الحديث)ی لەرێگای (ابو علي حنبل بن عبدالله الرصافي)و کەسانی دیکەش خوێندبوو[1].

سوڵتان موزەففەرەددین مەیلی بۆ زانستی (مێژوو) هەبوو، (ابن خلكان) دەڵێت:

(موزەففەرەددین گوگبری هەندێ بابەتی مێژوویی ئەزبەربوو، زۆرجاران دەیگێرایەوە)[2]. کاتێکیش زاناو شاعیرو ئەدیبی لێهاتوو (ابن دحيه)[3] پەرتوکێکی[4] بۆ یادی مەولود نەبەویی نووسی، سوڵتان موزەففەرەددین خەڵاتی کرد.

---

1- مراة الزمان ٥٣٧/٨.

2- وفيات الاعيان ٢٧٦/٣.

3- ناوی تەواوی (عمر بن الحسين بن على بن محمد) دەگەرێنەوە سەر (ابن دحية بن خليفة الكلبي) کە یەکێکبوو لە هاوەڵانی حەزرەت صلى الله عليه ولە وسلم.لەساڵی ٥٤٤هـ/١١٤٩م لە ئەندەلوس لەدایکبووە، لە ٦٣٣هـ/١٢٣٦م لە مصر وەفاتیکردووە.

4- ناوی پەرتووکەکە (التنوير في مولد السراج المنير).

# ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری خوا
# ( دروودی خودای لەسەربێ )

سولْتان موزەففەرەددین سەرەرای ئەو دینداریو چاکەخوازییەی کە باسمانکرد ناسراوبوو بەوەی کە زۆر پێغەمبەری خوای خۆشویسترە، خۆشەویستیەك رەگی وا لەناخی داکوتابوو هەر بەهۆیەوە یادی لەدایکبوونی حەزرەتی هێنایە کایەوە. لەهەولێرەوە ئەم ئاهەنگ گێرانە بەدونیا بڵاوبویەوە، شانازییەکی بێ وێنەی لەمێژووی ئاینداریی هەولێرییەکان تۆمارکرد.

(ابن الشعار) دەڵێت: (موزەففەرەددین شتێکی ئەوتۆی داهێنا، نە میرەکانی ئێستاو نە خەلیفەکانی پێشتر نەیاندەزانیو نەیانکردبوو، پیرۆزباییو ئاهەنگ گێران حورمەتێك بوو لە پێغەمبەری خوا( d ))[1].

بەر لەو کەس بەو شێوە رێکخراوو بەرچاوە ئەم یادەی نەکردۆتەوە[2].

دوو مانگ بەر لەهاتنی رۆژی مەولود، موزەففەرەددین گوگبری هەموو شتێکی ئامادە دەکرد، بەپێش خەڵکەکە دەکەوتو لەگەڵ کارگەرەکاندا کەپرو گومەزێکی زۆری لەتەختە دروست دەکردو بەخیوەت (سراد)ی گەورە بانی حەوشەو گۆرەپانەکانی دەگرتو چین چین دایدەمەزراند، جاری وادەبوو دەگەیشتە بیست

1- العقود الجمان ١٥٦/٥.

2- العمري، منهل الاولياء ومشرب الأوصياء من سادات الموصل الحدباء، ج٢/ص٣٢.

گومەز، جگە لەمەش لە گۆڕەپانە گەورەکەی[1] نزیك قەلاّت، دەوار گـەلێکی زۆری بۆ ئەو میوانانەش هەڵدەدا کە لەولاّتانی نزیکی وەك بەغداو موسڵو ولاّتی فـارسو شنگالو (نصیبین)و جەزیرە بەو بۆنەیەوە ڕوویان لەهەولێر دەکرد.

ئەو شاندو میوانانە، زۆرتر مەلاو سۆفیو وتارخوێنو قورئان خوێنو مەولود خوێنو شاعیران بوون[2].

بەو شێوەیەی ئەم یادە لەپەرتوکە مێژوویـەکان باسـکراوە، بابـای خوێنـەر سەرسام دەبێت بەوکاتی هەولێر، لەم سەردەمەمان دەبینی فیستیڤاڵی گـەورە لەنێو شارەکانی رۆژئاوا رێك دەخرێتو بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لەنێو شـاردا خەریکی نمایش دەبن، سوڵتان موزەففەرەددین لـەکاتی خۆیـدا لەهـەولێر ئـەم جۆرە فیستیڤالاّنەی هێناوەتە کایەوە. ئـەم ماوەیـە کـەمێکیان نـەبێت ئـەگینا زۆرینەی دانیشتوانی هەولێر بەشدار ئەبوون نەدەچوونە سەر ئیشو کاریان.

سـوڵتان موزەففـەرەددین، هـەموو رۆژێـك دوای نوێـژی عەسـر، لەقـەلاّت دەهاتە خوارو سەیری ئەو نمایشە جوانانەی دەکـردو گـوێی لـە گۆرانییـەکان رادەگرت، بەشەویش دەچووە خانەقاو لـەوێ گـوێی لەمـەولود رادەگـرت، بـۆ سبەینێ بەیانییەکەی دوای نوێـژی بـەیانی دەچـووە راوکـردن، پـێش نوێـژی نیوەڕۆ دەگەڕایەوەو سەردەکەوتەوە سەر قەلاّت، لەسەرەتای مانگی (صـفر)

1- ئەو گۆڕەپانە کـەوتبووە نێـوان قەیسەریو خانـەقاو دەرکـە گەورەکـەی قـەلاّتێ (لەسـەر قسەی ابن خلکان). دەشـڵێ: گومـەزەکان بـەڕیز هـەر لـەدەرگای قەلاّتـەوە دەیگرتـەوە تـا دەرگای خانەقا کە کەوتبووە تەنیشتی گۆڕەپانەکە. (وفات الأعیان ٢/٢٧٥).

2- ابن خلکان ٣/٢٧٣.

تا سەرەتای (ربیع الأول)ی بەم شێوەیە بەسەر دەبرد، تا شەوی مەولود دەهات، ئیدی لەوشەوەدا ئاهەنگەکە هەند گەرم دەبوو دەهاتە جۆش، پاشان نوێژی مەغریبی لەقەڵات دەکردو دادەبەزییەوە بەدەستو پێوەندێکی تایبەتی بێ وێنە بەرەو خانەقا دەکەوتە ڕێو بەکۆمەڵێ مۆم بەدەست دەور دەدرا، دوو مۆم یان چوار مۆمی گەورەش هەریەکەیان هێستر سوارێك رایدەگرت. بۆ ڕۆژی مەولودەکەش، هەر لەبەیانی زووەوە، دیاریو خەڵاتی بوخچە پێچراو، هەریەکەو بەدەستی دەروێش (سۆفی) یەکەوە، لەقەڵاتەوە بەڕیز دادەبەزیو بەرەو خانەقا ڕێچکەیان دەبەست، لەخانەقا سەرانو گەورە پیاوانی شارەکە خرببونەوەو کورسیەك بۆ وەعزخوان، بەبەرزییەکەوە دانرابوو، کەژاوەیەکی تەختەی بەپەنجەرەش دامەزرابوو، موزەففەرەددین گوگبری لەسەری دادەنیشتو لە پەنجەرەکانەوە بەهەموو لایەکدا دەیروانیو سەیری حەشاماتەکەی دەکردو سەرپەرشتی نمایشی سەربازیی دەکرد کە بەو بۆنەیەوە تا درەنگانێکی عەسر بەردەوام دەبوو. بەکۆتایی ئەو ڕێورەسمەش ئیدی هەموویان بەجارێ دەچوون بۆ نانخواردن، پاشان بۆ گوێگرتن لەوتارە گەورەکە، دووبارە کۆدەبونەوە کە بەدرێژایی ئەو شەوە تا سپێدەی بەیان درێژەی دەکێشا[1].

ئەم وتارە بەباسو خواسی ڕەوشتو ئاکاری خۆشەویست( **d** ) دەستی پێدەکرد، بەخوێندنەوەی بەسەرهاتی (المعراج) تەواو دەبوو.

---

1- مرآة الزمان ٨/٦٨١.

(ابو الخطاب عمر بن الحسن)ی ناسراو بە (ابن دحیە البلنسی) لەساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز)دا کە لەهەولێر بوو، لەودەمەدا کتێبێکی دانا بەناوی (کتاب التنوير في مولد السراج المنير)و بەدیاری پێشکەشی کرد بە سوڵتان موزەففەرەددینی گۆگبری، بۆ ئەوەی بەم بۆنەیەوە دڵی خۆش بکات، (ابن دحیە) کتێبەکەی خۆی لەبەردەم سوڵتان خوێندەوە، ئەویش هەندەی پێ خۆشبوو هەزار دیناری خەلاَت کرد[1]. (ابن الشعار) دەڵێت: (من یەکێ بووم لەوانەی کە گوێم لێبوو کتێبەکە بۆ مەلیکی گەورە، موزەففەرەددینی گۆگبری دەخوێنرایەوە)، (ابن خلکان)یش دەڵێت: (لە –جمادي الآخرة–ی ساڵی ٥٢٥ك لەهەولێر، لەشەش ئەنجومەنو کۆبونەوەدا گوێمان لەم کتێبە گرتووە[2].

مێژوونووسان بەدرێژی باسی هەموو جۆرە خۆراکێکیان کردووە کە لەو ئاهەنگانەدا دەخرانە پێش خەڵك، دەڵێن ئاژەڵێکی زۆر لە (مەڕو گاو حوشترو ئەسپی قشلمش) دیتراوە، هەروەها خوانەکە پێنج هەزار سەر ئاژەڵو دەهەزار مریشکی برژاوی لەسەر بووە، سەد هەزار سینیو، سی هەزار دەفری پڕ لەحەلوای لەسەر ریزکراو[3]. لە رۆژی مەولود دوو خوان (سفرە)ی گەورە رادەخران، یەك لە گۆرەپانەك بۆ خەڵکی رەشۆکی، نان و پێخۆرێکی زۆری لەژمارە بەدەری لەسەر ریز دەکرا، سفرەی دووەم، لە خەنەقا بۆ

---

1– ابن خلكان ١٧٢/٣.

2– البداية والنهاية ١٣٧/١٣.

3– مراة الزمان ٦٨١/٨.

حەشاماتەکەی ئەویٚ ڕادەخرا[1].

ئاهەنگەکەش بەخەڵاتکردنی مەلاو وەعزخوان‌و قورئانخوێن‌و شاعیران کۆتایی دەهات، بەتایبەتیش خەڵاتکردنی ئەو کەسانەی لەدەرەوەی وڵات دەهاتن.

بەڵێ خوێنەرانی سەنگین، هەرچەند وەصفی ئـەو یادکرنەوەیـە بنووسـین کۆتایی نایەت، ئەم سوڵتانە دڵسۆزو دیندارو عاشـقەی حـەزرەتی محمـد( d ) هەرچـــی مـــاڵ‌و ســـەروەتی هـــەبووە ســـاڵانە لـــەپێناو خۆشەویـــستیی خۆشەویست( d ) خەرجی کردوەو هەژارانی پیٚ دڵخۆشـکردووە، زۆر هونـەرە سـەرکردەیەکی وا، خـاوەن سـەروەت‌و دەسـەڵاتێکی بـیٚ وێنـە، جـۆرە رەفتارگەلێکی وای لیٚ بەدی بکرێت، کە بەڵگەن لەسەر لوتکەی لەخواترسی‌و خۆنەویستی ئەم زاتە بەرزە، هەولێر لەم مانگەدا بـەدارو بـەردو باڵنـدەکانیان سـەمایان بـوو لەگـەڵ ئیقـاعی‌و ئـاوازو سـەدای مەدیحـەو صـەڵاوات لەسـەر پێغەمبەر( d )، وەك (ابن الحاج) لە (مدخل) دەفەرموێت ئەم ئاهەنگە سێیەم جـەژنی موسـڵمانانە، ئـەوکات‌و ئێـستاشی لەگـەڵ دابێـت، هەولێرییـەکان بـە جەژنەی دادەنێن‌و هەموو ساڵێك بەپەرۆشەوە لە چـاوەروانی ئـەم رۆژەدان‌و لەسـەرەتاش ئامـاژەم بەولایەنـە کـرد، خـودا یـاربیٚ تـا هـەولێر مـابیٚ ئـەو دابونەریتە جوان‌و لەدلا خۆشەویـستە هـەر دەمێنـیٚ، ئەوەشـی پێـی رازینیـە دەتوانێت نەیکات لیٚ بۆی نییە ریٚ لەخەڵکی بگرێت!

---

1- ابن خلكان ٢٧٥/٣.

# وەفاتکردنیو شوێنی مەرقەدی سوڵتان موزەففەرەددین

سـوڵتان موزەففـەرەددینی هـەولێر، لەبـەرواری (١٨)ی رەمـەزانی سـاڵی (٦٣٠ك/١٢٣٣ز) لەماڵەکەی خۆیدا کە کەوتبووە دەوروبەری شار، کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەیان بردە قەڵاو لەوێ بە ئەمانەت بەخاکیان سپارد تا وادەی حەج چونکە پێشتر رایسپاردبوو لەو گۆڕەدا بینێژن کە لە چیای (عەرەفە) بۆ خۆی ئامادە کردبوو. بۆ ساڵی نوێ کە حاجیان بۆ حەج کەوتنە رێ، قەبرەکەیان هەڵدایەوەو تەرمەکەیان دەرهێناو لەگەڵ خۆیان بردیان، بەڵام لەو رێگا بیابانە هاتو نەهاتە، ئاوییان لێ براو ماندوو بوون، ئەو ساڵە حەجیان بۆ نەکرا، ناچار لە رێگەی شاری (لینە)وە، خۆیانو بەتەرمەکە گەرانەوەو بە باشتریان زانی لەسەر رێگای سەختی (کوفە) لە (نەجەف) لەنزیك مەشهەدی ئەمیری ئیماندا‌ران (عەلی کوری ئەبوتالیت) ( C )، بینێژن[1]. هەرچی (ابن العبدی)یە دەڵێ: لەشاری مەککە نێژراوە[2].

1- مرآة الزمان ٥٨٣/٨، ابن خلكان ٢٧٥/٣، البداية والنهاية ١٣٧/١٣.

2- ابن العبدي: تأريخ مختصر الدول ص٤٩.

# سەبارەت بە مەرقەدەکەی ئێستای هەولێر

ئەو مەرقەدەی ئێستاکە لەهەولێر هەیە، کەوتۆتە شەقامی موزەففەرییە بەرامبەر پارێزگای هەولێرو، خەڵکی زیارەتی ئەکەن، بەبۆچونی لێکۆڵەرەوانو مێژوونووسان ئەمە گۆری ئەو نییە ! بەڵکو دەڵێن گۆری باوکیەتی (زین الدین علی گچك)، ئایا مەرقەدی راستەقینەی لەکێندەرەو کامە هەوە ! ! ئەوا ڕا جیایی زۆری تێدایە بەپێی قسەی (ابن کثیرو ابن خلکان) بێ لە نزیك مشهدی ئیمام علی نێژراوە، بە قسەی ابن العبدي بێ لە مەککە نێژراوە ! .

سەبارەت بەو مەرقەدەی ئێستاکێ لەناوەڕاستی شار لەبەرامبەر پارێزگایەو شەقامەکەش هەر بە موزەففەرییە ناسرایە، هەندێ لە لێکۆڵەران دەڵێن رێی تێ دەچێت مەرقەدی بابی بێت، د.محسن حمد حسین دەڵێ: باوکی لە هەولێر مردووەو لەهەولێریش نێژراوە ! وەك ابن خلکان باسیکردیە ٢٧٠/٣.

هەرچی لێکۆڵەر (عباس العزاوي)یە ئەو گۆرەی هەولێر بە مەرقەدی سوڵتان دادەنێتو پێی وایە هی ئەوە (مقال: ال بگتگین، مظفرالدین گوگبوری، مجلة المجمع العلمي العربي– دمشق، مجلد ٢٢ لسنة ١٩٤٧ ص١٤٢).

ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێکەم: لە هەندێ پیاوی بە تەمەنو شارەزا لـە مەرقەدەکانی هەولێرم بیستیە کە چاکی بن عەردی (ئەوەی پـاڵ شـارەوانی، مەرقــەدی ســوڵتان موزەففەرەددینــە، ئــەوەش ڕێــی تــێ دەچــێ چــونکێ تائیـستاکێ ئـەو مەرقـەدەش یـەکلایی نەبوویتـەوە ! بەڕاسـتی زۆرم بـەلاوە عەنتیکەیــە کــە دەڵــێن لــەڕێگای حــەج تەرمەکــەیان ناشــتووەو بــەجێیان هێشتووە، ئاخر سـوڵتان کەسـێکی ئاسـایی نـەبووەو خەڵکەکـەش خۆشـیان ویـستووە، یـانی مـەردێك نـەبووە تەرمەکـەی بهێنێتـەوە لەشـارەکەی خـۆی بێنێژێت؟ !

من پێم وایە لەنێوان ئەم دوو مەرقەدە: چاکی بـن عـەردیو مەرقەدەکـەی لای پارێزگا دەبێ یەکێکان هی سوڵتان بـێ، کـە د.محـسین دەڵـێ ئـەوە هـی باوکیەتی ئەویش بەڵگەیەکی بەهێزو دڵنیاکەرەوەی بەدەست نییە !

وەکـو باسیــشمانکردنووسەرو لێکۆڵــەر (العـزاوي) پێـی وابـووە کـە ئـەو مەقامەی لای پارێزگا مەرقەدەکەی سوڵتانە.

ئەو بابەتە ئیجتیهادی زۆری لەسەر کراوە دەکرێت دەرگاکە والآ بکرێت تـا توێژینەوەو کۆششی زیاتری لەسەر بکرێت، بەس ئەوەی من بۆی دەچم و دڵم ئاوی لێ دەخواتەوە: مەرقەدی سوڵتان لە هەولێر نە لای ئیمام علی! ! !

# کۆتـایی

ابن خلکان دەڵێت ئەگەر باس‌و خواسی سوڵتان موزەففەرەددین بەتەواوی بگێرینـــەوە پێویـــستی بـــەکتێبیکی ســـەربەخۆ هەیـــە، بۆیـــە ئێمـــەش بـــە نووســـراوێکی بـــچوکی لـــەم جـــۆرە نـــاتوانین مـــافی تـــەواو بـــە ســـوڵتان موزەففـەرەددین ی پایـەدار بـدەین، ئـەوەی ئـەو کردوویـەتی هیـچی کـەمتر نەبووە لە عومـەری کـوری عبـدالعزیز ئەگـەر زۆرتـریش نـەبوبێت، ئاسـەوار و کاریگەی ئەم زاتە تا ئەم سەردەمەش بەسەر هەولێرییـەکان مـاوە، لەهـەموو جیهان هـەولێر بـە خۆشەویـستی حـەزرەت( d ) ناسـراوە، هیـوادارم خەڵکـە دڵسۆزەکەی ئەم شارە لەمانگی مەولود دا، لەسەر شێواز و دەسـتوری بـاب‌و باپیرانییان شار برازێننەوە، بەهەر شـێوەیەك بێـت خۆشەویـستی خۆیـان بـۆ خۆشەویست( d ) دەرببڕن، لایـەنی دەسـەڵاتیش بەتایبـەت پارێزگـاری شـار حەق وایە پاش خوێندنەوەی ئەم پەراوەو زانیینیـان بـە کارەکـانی سـوڵتانی هەولێر لە مانگی مەولود دا قـۆڵی مەردایـەتی لـێ هەڵکـەن‌و، حـەقی تـەواوی ماددی‌و ئیعلامی پێ بدەن، وەکو سەردەمی سـوڵتان موزەففـەرەددین بـا لـە هەولێر گەورەترین کۆنفراس‌و مەراسیم بۆ یادی مـەولود نەبـەوی سـازبکرێت، لەهـــەموو وڵاتـــانی جیهـــان خـــەڵکی پەیوەســـت داوەتبکرێـــت‌و، پێـــشبرکێی هۆنراوەو پەخشان‌و سیرەت‌و توێژینەوەی زانست‌و کاری هونەری پەیوەسـت بەم یادە ئەنجام بدرێت، ئەم یادە رەسەن‌و تایبەتە بـەم شـارەو خەڵکەکـەی نەك (کرێسمس)و ئەوانی تر! ! !

ئەمە پوختەیەك بوو لە ژیانو بەسەرهاتی ئەم کەڵە پیاوە خۆشەویستە، باسێکی کورت بوو لەحاڵی شاری هەولێر لەمانگی مەولودی پیرۆز، بەرەکەتی حەزرەتی پێغەمبەر( d ) بەردەوام لەهەولێر هەبووەو تا ئەم یادو خۆشەویستیەی دانیشتوانی مابێت بۆ حەزرەت دەمێنێت، جگە لەم مانگە، هەر یازدە مانگەکەی دی لەشاری هەولێر هەموو دووشەممەو پێنجشەممەیەك مەولود هەیە، ئەو پەراوە دەچێتە مێژووە، هەر بۆ مێژووش دەڵێم، ئێستاکە کە ساڵی ١٤٣٥ کۆچییە بەردەوام مەولود دەخوێندریتەوە، بەتایبەت لە تەکیەو خانەقاکان، کەبەردەوام خۆشەویستانی رسول الله تیایدا خردەبنەوە هەروەك زەمانی سولڵتان موزەففەرەددین وایە، لایەنی کەم هەفتەی جارێك مولودی رسول الله دەخوێندریتەوەو، دەیان هۆنراوەو شیعری کوردیو عربیو فارسیو تورکی لەستایشی حەزرەتو عشقی حەقیقیو مەجازی بە ئاوازو مەقامە جۆراوجۆرەکان دەخوێندرێتەوە، بەندەش یەکێکە لەوانەی کە دەنگو سەدای قەصیدەی بوردە (مولای صل وسلم..) لەم شارە نابرێتەوەو کۆتایی نایەت، بەپشتیوانی خوا و بەرەکەتی رسول الله( d ).

**نووسیویەتی**

**عەبدوڵلا فایەق عالآیی**

**زستانی ٢٠١٤**

**بەڕێوەبەری ناوەندی مەعریفەو عیرفان- هەولێر**

## سەرچاوەکان

١- وفيات الأعيان- إبن الخلكان.

٢- البداية والنهاية- ابن الكثير.

٣- الكامل في التاريخ- ابن الأثير.

٤- شذرات الذهب- الذهبي.

٥- معجم البلدان- ياقوت الحموي.

٦-مرآة الزمان- سبط ابن الجوزي.

٧- آثار البلاد- القزويني.

٨ أربيل في عهد الاتابكي- د.محسن محمد.

٩- قلائد الجمان مصدراً لدراسة جوانب تاريخ أربيل والكرد- د.محسن محمد.

١٠- امارة أربل في العصر العباسي ومؤرخها ابن المستوفي- د.سامي الصقار.

ئەم سێیەی کۆتایی سەرچاوەی سەرەکینە.

# پەراوێزەکان

١. گوگبری: لەدوو وشەی تورکی پێك هاتوە (گۆگ) واتە شین، (بوری) واتە (گورگ) بەهەردووی مانای (شینە گورگ)دەبەخشێت (ابن خلكان، ٣/٢٧٧).

٢. هەموو سەرچاوەکان وا دەڵێن تەنها (الذهبي) دەڵێ: (لەقەڵاکەی هەولێر لەدایك بووە) تأريخ الاسلام.

٣. الكامل فى التاريخ ١١/٣٣١.

٤. وفيات الأعيان ٣/٢٧١.

٥. ابن الشعار، لەدەستنوسی (عقود الجمان)و (المنذري)و (ابن خلكان) ٣/٢٧٧ ئەم ناوەیان لێ نایە.

٦. الفتح القسطي/ ص١٨٩

٧. النوادر السلطانية ص١٨٩.

٧. وفيات الآعيان، ٣/٢٧٠.

٨. اسماعيل غالب/ مسكوكات تركمانيه ص١٣٩.

٩. الاصفهسلار، واتە: سوپا سالار، الفاسى/ العقد الثمين ٧/١٠٠.

١٠. الفنون الإسلامية والوظائف علي الَاثار العربية، ٢/٦٦٢.

١١. وفيات الَاعيان ٢/٢٧٢، شذرات الذهب ٥/١٣٨.

١٢. القزويني، اثار البلاد، ص٢٩٠.

١٣. البداية والنهاية، ١٣/١٣٦.

١٤. وفيات الآعيان ٣/٢٧٦.

١٥. العسجد المسبوك ص٢٣٠.

١٦. بيت النار: ياقوت الحموى لە (معجم البلدان) ١/٥٢٢ دا دەڵێ: (گوندێکی گەورەی هەولێرە بەلای موسڵدا).

١٧. مرآة الزمان، ج٨/ص٦٨٢

١٨. وفيات الاعيان ٣/٢٧٣.

١٩. اثار البلاد ص٢٩٠.

٢٠. مراة الزمان ٦٨٢/٨، البداية والنهاية ١٣٧/١٣.

٢١. شذرات الذهب، ١٤٠/٥.

٢٢. وفيات الاعيان ٢٧٣/٣.

٢٣. مرآة الزمان، ابن الجوزي.

٢٤. البداية والنهاية، ١٣٧/١٣.

٢٥. مراة الزمان ٦٨٢/٨.

٢٦.سفاء الغرام ٣٤٥/١.

٢٧. (الست) واته (خانم) مەبەست خوشکی (الملك الناصر حسن) سەرداری میسره، بروانه (العقود الثمين) لاپەره ١٠١.

٢٨. سفاء الغرام، ٣٤٥/١.

٢٩. (المغمس) جێگایەکه لەلایەکی حەرەمەوه، مەیدانی ئەو فیلەبووه که کاتی خۆی (أبرهه) هێنابووی، بۆ رووخاندنی کەعبه، اخبار مكه ج١/ ص١٤٣.

٣٠. العقد الثمين، ١٠٠/٧.

٣١. محمد علي، الإسلام والحضارة، ج١/ ص٣٢٧.

٣٢. مرآة الزمان، ج٢ ص٦٨٢.

٣٣. وفيات الاعيان ٢٧٣/٣.

٣٤. عقود الزمان، ج٧.

٣٥. وفيات الاعيان ٢٧٣/٣.

٣٦. العسجد المسبوك، ص٢٣٠.

٣٧. وفيات الاعيان ،٢٧١/٣.

٣٨. القزويني، آثار البلاد، ص٢٩٠.

٣٩. المنذري، التكملة ١٤٤/٧.

٤٠. تلخيص مجمع الادب ج٥/ ص٥٨٠.

٤١. مراة الزمان ٥٣٧/٨.

٤٢. وفيات الاعيان ٢٧٦/٣.

٤٣. العقود الجمان ١٥٦/٥.

٤٤. العمري، منهل الَاولياء ومشرب الاؤصياء من سادات الموصل الحدباء، ج٢/ص٣٢.

٤٥. ابن خلكان ٢٧٣/٣.

٤٦. مرآة الزمان ٦٨١/٨.

٤٧. ابن خلكان ١٧٢/٣.

٤٨. البداية والنهاية ١٣٧/١٣.

٤٩. مراة الزمان ٦٨١/٨.

٥٠. ابن خلكان ٢٧٥/٣.

٥١. مرآة الزمان ٥٨٣/٨، ابن خلكان ٢٧٥/٣، البداية والنهاية ١٣٧/١٣.

# پێرستی سەرەباسەکان


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| * | پێشەکی | ٣ |
| * | ناو و کات و شوێنی لەدایکبوونی | ٦ |
| * | نازناوو شۆرەتەکانی | ٧ |
| * | چمکێك لە ژیان و خورەوشتی سوڵتان موزەففەرەددین | ٩ |
| * | لێبوردەیی ئایینی سوڵتان موزەففەرەددین | ١٢ |
| * | خانەی بێوەژن و بێشووناسەکان | ١٤ |
| * | وەزارەت لە هەولێرو وەزیرەکانی سوڵتان موزەففەرەددین | ١٥ |
| * | پرۆژەکانی سوڵتان موزەففەرەددین لە حەرەمەینی شەریفەین | ١٨ |
| * | خاکگەرایی ( تواضع )ی سوڵتان موزەففەرەددین | ٢٠ |
| * | سوڵتان موزەففەرەددین و تصوف و عیرفان | ٢٢ |
| * | سوڵتان موزەففەرەددینی موجاهیدو جوامێر | ٢٣ |
| * | خوێندەواری و بایەخدانی بە زانست و رۆشنبیری | ٢٥ |
| * | ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری خوا ( دروودی خودای لەسەربێ ) | ٢٦ |
| * | وەفاتکردنی و شوێنی مەرقەدی سوڵتان موزەففەرەددین | ٣١ |
| * | سەبارەت بە مەرقەدەکەی ئێستای هەولێر | ٣٢ |
| * | کۆتایی | ٣٤ |
| * | سەرچاوەکان | ٣٦ |
| * | پەراوێزەکان | ٣٧ |
| * | پێرستی سەرەباسەکان | ٤٠ |